بەش : راگەیاندن

کۆلێژ : ئاداب

زانکۆ : سەڵاحەدین

بابەت رای گشتی / Public Opinion

پەرتووکی کۆرس (قۆناخی 3 )

چنار نامق حەسەن ئەحمەد - ماستەر لەراگەیاندن
ساڵی خوێندن: 2024

پەرتووکی کۆرس وەرزی (2)
Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | رای گشتی |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | چنار نامق حەسەن |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی راگەیاندن کۆلێژی ئەدەبیات |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: chnar.hasan@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (07504538311) |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | 8 کاتژمێر |
| 6. ژمارەی کارکردن | 8 کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | |

| | |
|---|---|
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | چنار نامق حەسەن ئەحمەد<br>مامۆستا /بەشی راگەیاندن<br>هەولێر / گەرەكی زانكۆ<br>نەتەوە: كورد<br>ئەو زمانانەی دەیزانم: كوردی/ عەرەبي زۆر باش<br>ئینگلیزی (مام ناوەند)<br>هەڵگری بروانامەی دبلۆم لەبواری راگەیاند له پەیمانگای تەكنیكی هەولێر ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨.<br>بەكالۆریۆس ڕاگەیاندن 2012-2011 بەشي راگەیاندن – زانكۆی سەڵحەدین_ كۆلێژی ئەدەبیات_ لقی رۆژنامە<br>ماستەر ڕاگەیاندن _ بەشي ڕاگەیاندن كۆلێژی ئەدەبیات زانكۆی سەلاحەدین 2016.<br>1. ناونیشانی ماستەرنامە<br>(رۆڵی پێگە ئەلەكترۆنییە كوردییەكان لە پێهێنانی رای گشتی سەبارەت بە پێشێلكردنی مافي ئیزیدییەكان) پێگەی روداو و خەندان بە نموونە<br><br>دكتۆرا لە راگەیاندن 2023 |
| 9. وشە سەرەكیەكان | public opinion / راي گشتی و راگەیاندن/ الراى العام |

10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:

- گرنگی خوێندنی كۆرسەكە (بابەتەكە)

وانەي راي گشتي / public opinion يەكێكە لە وانە بنەڕەتییەكاني بواري خوێندن لەبەشەكانی راگەیاندن وپێویستیەكي بنچینەیي لە رِێگاي ئەو وانەیەوە قوتابییان لە رووي تیۆرییەوە شارەزایي ورد لە بارەیەوە پەیدا دەكەن. راي گشتي وەك دیاردەیەكي كومەلایەتي پەیوەستە بە دەركەوتني كۆمەڵگەي مروڤایەتیەوە,لەگەل پێشكەوتني كۆمەڵگەكان دا لە روي هوشیاري و مەعریفیەوە,ئەم پرۆسەیەش گورانكاري بەسەردا هاتووەو بە هەردوو ئاراستەي ئاسويي, بەواتاي فراوانبووني دیاردەكە لە جیهانداو ستووني بە واتاي زانستي بوون و كاریگەري بووني لەسەر كۆمەڵگەكان و دەسەلات. هەنووكە پرسي راي گشتي لە جیهان داو لە سەرجەم بوارەكان داو بە مەبەستي گوشاردروستكردن , چ لەسەر ئاستي ناوخويي ولاتان و چ لەسەر ئاستي جیهاني زور بە هەند وەردەگیرێت و بگرە لە پرسە سیاسي و سەربازیەكان دا بە تاكە هێزي كاریگەر لەقەڵەم ئەدرێت.ئەویش لە رێگەي ئامرازەكاني راگەیاندنەوە بو شرۆڤەكردني بابەت و مەسەلەكان و هوشیاركردنەوەي تاكەكاني كۆمەڵگەو كاریگەري لەسەر دروستكردنیان و گۆریني بۆچون و ئاراستەي بیركردنەوەیان.

11. ئامانجەکانی کۆرس
ئامانج لەم وانەیە ئەوەیە پاش تەواوبوني کۆرسە پێویستە قوتابي تێبگات لە
پێناسە و چەمکی رای گشتی
چۆنییەتی سەرهەڵدانی رای گشتی
هوشیاری جەماوەری ورای گشتی
جۆرەکانی را وجیاوازیان
جۆرەکاني رای گشتی
قۆناخەکانی پێکهێنانی رای گشتی
رای گشتی و پرۆسەی پەیوەندیکردن
جۆر و ئاستەکانی پەیوەند
تیۆرەکانی راگەیاندن بە پێی سیستمی حوکمرانی وکاریگەرییان لەسەر درووستبوونی رای گشتی
گرنگی رای گشتی
تایبەتمەندییەکانی رای گشتی
ئەرکەکانی رای گشتی
هۆکارەکانی گرنگیدان بە رای گشتی
ئەو فاکتەرانەی کاریگەرن لە پێکهێنانی رای گشتی
شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتي
شێوازەکانی پێوانە کردنی رای گشتی
میدیا و راي گشتي رۆڵی رۆژنامە لە دروستکردنی رای گشتی
رۆڵی رادیۆ و تەلەفزیون لە دروستکردنی رای گشتی
چاودێریکردنی رای گشتی
پێناسەی رای گشتی ئەلەکترۆنی و شیوازی پێکهاتن و دروستبوونی رای گشتی ئەلەکترۆنی
چەواشکردنی میدیایی و شێوازەکانی.
ئەو ئامرازانەی بەکاردێن بۆ گەیاندنی پەیامی بەکاربەران بەمەبەستی گوزارشتکردن لە بیرو رایان.
کاریگەری ئامرازەکانی گەیاندنی ئەلەکترۆنی لە سەر رای گشتی ئەلەکترۆنی
رێگا و شێوازی میدیان ئەلەکترۆنی لە دروستکردنی رای گشتی
خاسییەتەکانی رای گشتی ئەلەکترۆنی
بەربەستەکانی پێش رای گشتی ئەلەکترۆنی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان هەروەها دیاردەی رای گشتی ئەلەکترۆنی لە کوردستانی عێراق، وێرای ئاشنابوون بە راي گشتي جيهاني و ئەو روداوانەی هاوکاربوون لە دەرکەوتني راي گشتي جيهاني

گرنگی راي گشتي جيهاني وئاستەنگەکاني بەردەم دروستبوني راي گشتي جيهاني

وتێگەیاندنی قوتابیان کەخاون را بن بەمەبەستی دروستبوونی کەسایەتییەکی بەهێز کە
راي گشتي جیهاني کۆمەڵکە سوودی لێ ببینێت ورۆڵی هەبێت لە بنیادنانی وڵات

12. ئەرکەکانی قوتابی
ئەرکی قوتابیان بریتییە لە پابەندبوونی بەئامادەبوون لەکاتی وانەکان هەروەها
ئەنجامدانی کاري پراکتیکی وەك چالاکی قوتابی لەبارەی بابەتەکە، و ئەنجامدانی سیمینار
و نمایش کردنی.

13. ڕێگەی وانە ووتنەوە
ڕێگەی وانە ووتنەوە بریتتیە لە ئامادەکردنی وانەکان بو قوتابیان، بەبەکارهینانی
پرۆگرامی پاوەرپۆینت ونمایشکردنی بە داتاشۆ وێرای بەکارهێنانی وایت بورد ( تەختەی
سپی)، پاشان وانەکان هەفتە بەهەفتە دەدریت بەقوتابیان

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن
سیستەمی هەڵسەنگاندن:
هەڵسەنگاندنی قوتابیان لەرێگای تاقیکردنەوە و ئەنجامدانی چالاکیەکانی و بەشداربوونی لە
وانەکانەوە دەبیت بەم شێوەیەکی لای خوارەوە نمرەکان دابەش دەرکرێت.

| تاقیکردنەوەی یەکەم | تاقیکردنەوەی دووەم | ئامادەبون | چالاکی و بەشداریکردن | کۆی گشتی کۆشش | کۆتایی ساڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 | 15 | 5 | 5 | 40 | 60 | 100 |

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون
پاش تەواو بوونی ئەم بابەتە قوتابی فێردەبێت کە کارەکتەرێکی کارا بێت لەناو کۆمەڵگە،
کەسایەتییەکی هۆشیار بێت کە خاوەن را و بۆچوونی خۆی بێت و بتوانی گوزارشت لە
رای کەسی خۆی بکات بێ دوو دلی لەریگەی وەرگرتنی ئەو وانانەی کە بە ماف و
ئەرکەکانی خۆی ئاشنا دەکات لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی کار
بکات بۆ پێشخستنی بەرژەوەندی گشتی، و رۆڵی هەبێت لە دروستکردنی رای گشتی
راي لە ماوداي کارکردنی لەدەزگا میدیایی و رۆژنامەوانییەکان لە رێگەی بەردەستکردنی
زانیاری پێویست بۆ وەرگر. هەروەها چۆن بتوانی میدیای نوێ بەکاربهێنی بە مەبەستی
دروستکردنی رای گشتی ئەلەکترۆنی
و خاسییەتەکانی رای گشتی ئەلەکترۆنی بناسێت بەربەستەکانی پێش رای گشتی
ئەلەکترۆنی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بزانێت وێرای ئاشنابوون بە
راي گشتي جیهاني و هەوڵدان بۆ درووستکردنی بەتایبەت لە بارەی پرسە مرۆیی و
نەتەوەییکانەوە

16. لیستی سەرچاوە
- م . صادق حەمەغریب / نامیلکەیەکي ئامادەکراو بۆ چاپ

- م. فايز ، وانەی رای گشتی

- د احمد شاهين، الاعلام والرأي العام، القاهرة،2010.

- د. عامر حسن فياض، رای گشتی ، وەرگيرانی ئاكۆ فاتيح

- د.هاني الرضا ,د.رامز عمار,الرأي العام و الاعلام والدعايه,بيروت,1998م

- د. فتحي حسين عامر ، الرأي العام الاكتروني..

- د. عبدالكريم الدبيسي، الرأي العام عوامل تكوينه وطرق قياسه.

- مەجيد سالح بنەما تيوريیەكاني رای گشتی وراگەياندن

- د.حسين علي الفلاحي، الاعلام التقليدي والاعلام الجديد

- جنار نامق، دور المواقع الالكترونيه الكورديه في تشكيل الرأي العام حول انتهاك حقوق الاقليه الايزيديه/ رساله ماجستير.

- جنار نامق، رای گشتی ئەليكترۆنی – چەواشەكردنی ميديايی، ٢٠٢١.


| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| هەفتەی یەكەم / ناساندنی بابەت<br>خستنەرووی موفرەدات، پێناسە و چەمكی رای گشتی و جۆرەكانی را وجیاوازیان<br><br>هەفتەی دووەم/ كورتەیەک لەبارەی سەرهەڵدانی رای گشتی گرنگی و ئەركەكانی رای گشتی، ئەو فاكتەرانەی كاریگەرن لە پێكهێنانی رای گشتی<br>هەفتەی سێیەم/ قۆناخەكانی پێكهێنانی رای گشتی، هۆكارەكانی گرنگیدان بە رای گشتی .<br>هەفتەی چوارەم/ جۆرەكاني رای گشتی<br>هەفتەی پێنجەم/ رای گشتی و پرۆسەی پەیوەندیكردن، جۆر و ئاستەكانی پەیوەندی | د .چنار نامق |

| | |
|---|---|
| هەفتەی شەشەم/ تیۆرەکانی راگەیاندن بە پێی سیستمی حوکمرانی و کاریگەرییان لەسەر درووستبوونی رای گشتی<br>هەفتەی حەوتەم/ تایبەتمەندییەکانی رای گشتی<br>هەفتەی هەشتەم/ تاقیکردنەوەی یەکەم<br>هەفتەی نۆیەم/ چەواشەکردنی میدیایی وجۆرەکانی و کاریگەری لەسەر رای گشتی<br>هەفتەی دەیەم/ شێوازەکانی گۆڕینی رای گشتي<br>هەفتەی یانزەهەم/ شێوازەکانی پێوانە کردنی رای گشتی<br>هەفتەی دوانزەهەم/ راي گشتي جيهاني<br><br>وئەو رووداوانەی هاوکاربوون لە دەرکەوتني راي گشتي جيهاني<br>وئاستەنگەکاني بەردەم دروستبوني<br><br>هەفتەی سیانزەهەم/ چاودێریکردنی رای گشتی<br>هەفتەی چواردەهەم/ رای گشتی ئەلەکترۆنی<br>خاسییەتەکانی رای گشتی ئەلەکترۆنی<br>بەربەستەکانی پێش رای گشتی ئەلەکترۆنی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان<br>رای گشتی ئەلەکترۆنی لە کوردستان<br><br>پانزەهەم/ تاقیکردنەوە | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | نییە |
| | |

19. تاقیکردنەوەکان
1. دارشتن: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات. لەگەڵ وەڵامی نموونەییان

نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت
قۆناغەکانی دروستبونی رای گشتی بژمێرەو و بە کورتی روونی بکەرەوە؟
1/سەرهەڵداني بابەت روداو يان کێشەکان: هەستکردن و درك كردن بەکێشەو و مەسەلەکان.
2/ وتووێژ و مشتومڕ لەبارەی کێشەکە: لێرەدا گفتوگۆ و سەرنج وتێبینی لەبارەی کیشەکە دەخرێتە روو.
3/ رێکەوتني بە کۆمەڵ لەئەنجامي نزيكبونەوەی راو و بۆچون وپێشنیارەکان.
4/ رفتاري بە کۆمەڵ یان جەماوەری : رای گشتی زۆر جار رەفتاری لێدەکەوێتەوە.
2. راست وچەوت: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.
1/ رای گشتی رایەکی جەسپاوە هەرگیز ناگۆردرێت. (×) رای گشتی دەگۆردرێت.
2/ رای گشتی لەسایەی تیۆری دەسەلآتداری گەشە دەکات. (×) تیۆري ئازادي (لیبرالّی)
3/شێوازی خستنەرووی راستییەکان بەمەبەستی گۆڕینی رای گشتی پشت بە واتە وات دەبەستێ.(×)
پشت بەخستنەڕووی زانیاری راست دەبەستی.
3. بژاردەی زۆر: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.
مشتومر و گفتو گۆ لەبارەی کێشەکان یەکێکە لە قۆناغەکاني پێکهێنانی:
- داب ونەریت
- رای گشتی
- رای کەسی

20. تێبینی تر
لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبینی وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.